# بابەشێخ حوسێن سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران:

# ناتوانین وەك پژاك بچینە چیاکانی سنوور و خەباتی چەکداری بکەین



بابەشێخ حوسێن

**زاری کرمانجی– هەولێر:** بۆ تیشك خستنە هەندێك بابەتی هەنوکەیی تایبەت بە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و رۆڵ و هەماهەنگیان، زاری کرمانجی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ باباشێخ حوسێن سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ساز کرد.

*** بەپێی ئەو مێژووەی سازمانی خەبات هەیەتی، پێگەی جەماوەری خۆتان چۆن دەبینن؟**

–بەراشکاوی دەڵێم هەموو حزبە کوردیەکانی ئێران ناتوانن بڵێن رازین لەرادەی پێشووەچوونی خۆمان، ئێمەش وەکو سازمانی خەبات دەتوانم بڵێم پێگەمان هەیە، من دەمەوێ یەك خاڵ دەستنیشان بکەم، کە جێگای دڵخۆشیە، دوای کۆنگرەی سێیەم و بەپێی ئەو راپۆرت و چالاکیانەی دەکرێن هەست دەکەین لە پێشکەوتن داین لە چاو ساڵانی رابردوو، ئێستا لە ناوخۆی کوردستان لە زۆر شوێن رێکخستن و ئەندامان هەیە، بەڵام تەواو لە خۆمان رازی نین، چونکە خەبات کاری زۆر زیاتری دەوێ، رەنگە ئێمەش وەك پێویست نەبووبین، ئەو رەخنەیەش لە خۆمان دەگرین، بەڵام زۆر هۆکار هەن بۆ لاواز بوونی رێکخستنەکانمان، بۆ نموونە هەلومەرجی باشووری کوردستان، پێش دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و هەبوونی بەرەی کوردستانی و دەسەڵاتەکان و فشارەکانی رژێم ئەوانە کۆمەڵێ رێگری بوون، کە ئێمە وەك پێویست کارەکانمان جێبەجێ بکەین، ئەوە زۆر کاریگەری هەبووە لەسەر ئێمە.

***کاریگەریە ناوخۆیەکانی ئێران چی بوون لەسەر ئێوە؟**

– ئەگەر جەور و ستەمەکانی رژێمی ناوخۆی ئێران بڵێی نەك نەیتوانیووە بێتە هۆی کەمبوونەوەی توانا و هێزی ئێمە، بەڵکو بۆتە هۆی خۆڕاگری زیاتر، بەڵام هەندێك کێشە و راستی هەن، ئامادەیی هەر هێزێکی سیاسی لەناو جەماوەر کاریگەری دەبێت، بەڵام بە هۆی لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی باشوور، سیاسەت و پلانەکانمان دارشتوون.

***لەسەر ئاستی جەماوەری و سیاسی و رۆشنبیری، ئۆپۆزسیۆنی کوردی رۆژ هەڵات بەرەو لاوازی دەچێت، خەڵکیش هۆکارەکە بۆ ناکۆکی نێوانیان دەگەڕێننەوە؟**

– لەراستیدا ئەم قۆناخە پێویستی بە راستگۆیی هەیە، ناکۆکی لە نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان هەیە و کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە ئەو ناکۆکیانە بەو شێوەیە نەبوونە، راستە لە قۆناخی ئێستادا ئەو ناکۆکیانە چوونەتە سەر ئەو کێشە و گرفتانە، کە لە رابردوودا هەبوونە، ئەو ناکۆکیانەی کەئێستا دروستبوونە من بەشێکی دەگەڕێنمەوە بۆ بێ توانابیمان و لە هێزێکی چالاکی تۆکمە و کاراوە بووینەتە هێزێکی ماندووی تەمبەڵ.

***هۆی چیە کۆمەڵێك خەڵکی بژاردە لە حزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردیەکان نەماون، ئایا ئەوە پەیوەندی بە کورسی پەرستی و ناکۆکی نارەواوە هەیە؟**

– ئەمە واقیعە، کە ئێمە لە شاخەوە هاتینە نێو کۆمەڵگاکان و زیاتر خۆمان بەشتە لاوەکیەکان خەریك کرد، ئەوە رێگریی حکومەتی کوردستان و بەرەی کوردستانی بوو، کە پشتر رێگایان لێگرتین، ئێمەش ناچاربووین بۆ پاراستنی حکومەتی هەرێم و بۆئەوەی بارگرژی لەسەر سنوورەکانی دروست نەبێت و فشاریان بۆ نەهێنن دەستمان لە خەباتی کرداری هەڵگرت.

*** پژاك لە ناکاو دروستبوو و دەنگیشی دایەوە، ئەوان خۆیان بە نوێنەری راستەقینەی خەڵك و هەڵقولاوی ناخی رۆژ هەڵاتی کوردستان دەزانن، هەست ناکەن ئەو دەرکەوتنەی پژاك بەهۆی ئەو بۆشاییە بوو، کە لە ئەنجامی لاوازی ئۆپۆزسیون هاتە کایەوە؟**

– بەشێکی وجودی پژاك ئەوەیە و بەشێکی خەڵك بوەتە لایەنگیری، بەڵام جێگرەوە نیە، نەیتوانیووە جێگای هەموو حزبەکان بگرێتەوە، ئەمە واقیعێکە، پژاك لەسەر سنوورەکانەوە دەستی ئاوەڵایە بچێتە ناو قولایی خاکی کوردستان لە سنە و کرمانشان و خەڵکیش ئەو کەسەی دەوێ کە لە مەیدانە، بمانەوێ و نەمانەوێ خەڵك کەسی قارەمانی خۆش دەوێ و ئازا پەرستە، ئەو دەرکەوتنەی پژاك مانای ئەوەیە لە ناو خۆیدا وجودی هەیە و شەڕ دەکا، دەبێ ئەوە واقیعەش بزانین پژاك هێزێکی گەورەی وەك پەکەکەی لە پشتە، جیا لەوەی بەشێك لە ئەندامانی خەڵکی رۆژهەڵاتن و خەڵکی دیکەشیان لەگەڵدایە.

***ئێوەش بۆ وەك ئەوان ناچنە سەر سنوور؟**

–ئێمە ناتوانین، چونکە لێرە جێگیر بووین، ئەوەی ئەوان بۆیان دەلوێ، بۆ ئێمە نالوێ، تازە فێرە دانیشتن بووین، ناتوانین دوور کەوینەوە لە ژن و منداڵ، ئێمە کۆمەڵە خێزانێکمان لە ئەستۆ دایە.

*** پەیوەندیتان لەگەڵ پژاك چۆنە؟**

– پەیوەندیمان هەیە لەرێگەی کۆمیتەکانی دەرەوە و لە بۆنە تایبەتیەکانی هەردوو لامان بەشداری دەکەین، لەسەر بنەمای هاوکاری دۆستایەتی، بەڵام خاڵی هاوبەشمان نیە.

***گشت هێزە ئۆپۆزسیونەکانی رۆژهەڵات لە هەموو بڵاوکراوەکان و دانیشتنەکانی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی باس لە گرنگی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی دەکەنەوە، بۆ هەمووتان باسی دەکەن و نەهاتۆتە ئارا؟**

– چۆن دەکرێت لەو کەشە بەرەیەك دروست بێ، پەیوەندی حزبە کوردستانیەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە یەکتر جیابوونەوە، لە دەیەی شەستەکان و هەشتاکەن خراپترە، من ناڵێم ئێمەش بێ هەڵەین، داواشمان کردووە بەرەی کوردستانی وەك قەوارە دروست بێت، بەڵام نەکراوە.

*** مەترسی ئەوەتان نیە، ئەو کێشانە لە داهاتوودا قوڵتر ببنەوە؟**

– ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات بێگومان بەو سروشتەی زاڵە بەسەر جولانەوەی رزگاریخوازی کوردستانی ئێران، ئەگەر رژێمیش بڕوخی شەڕێکی خۆیناوی دروست دەبێ، بەڵام ئێستا روو نادات.

*** پێتوایە ئۆپۆزسیونی رۆژ هەڵات سوود لەو ئەزموونە تاڵە وەربگرێت، کە لە باشووری کوردستان هەبووە، وەك ناکۆکی و گەندەڵی ئیداری و نە شارەزایی لە سیستەمی بەڕێوەبەردنی وڵات؟**

– ئەزموونمان لە مێژووە خوێنماویەکەمان وەرنەگرتووە، دەرکەوتوو پێش باشووریش شەڕمان هەبووە و دەمەقاڵێ لە نێوان سازمان و حزبی دیموکرات و کۆمەڵە هەبووە، بەداخەوە هەموومان دەیبیستین و ئاگامان لێیە، کە حزبەکانی کوردستانی ئێران، پەیوەندییان باش و پتەو نیە، ئەزموونمان لە شەڕی نێو خۆی کوردستانی باشوور وەرنەگرتووە، ئومێدەوارین ئەوشتانە روونەدەن.

*** بەڕێوە بردن پێویستی بە کادری و کارەکتەری بە توانا و شارەزا هەیە، تۆ پێتوایە ئێوە بتوانن لەو جۆرەکادرانە پێ بگەیەنن، نەك وەك ئەو کادرانەی حزبەکانی باشوور، کە لە شاخ بوون و ئێستاش پۆستی گرنگیان بەدەستەوەیە و ناتوانن بەڕێوەی ببەن؟**

– ئەمە ئەرکی هەموو هێزێکی سیاسی و شۆڕشگێرە، ئەگەر ئەو خەباتەی بەڕاستی بۆ گەلەکەیەتی دەبێت کەلك لە هەموو تواناکان وەرگرێ، ئێمە وەکو سازمانی خەبات باوەڕمان بەوە نیە بۆ خۆمان بچینە ناو ئێران و ببینە خاوەن دەسەڵات، ئێمە باوەڕمان بەوەیە گەلەکەمان بەرە و ئازادی رێنوێنی بکەین، کاتی گەیشتینە قۆناخی ئازادیش، کەلك لە هەموو توناکان وەردەگرین، نابێ بڵێن تەنها ئێمە پێشمەرگە بووین و شۆڕشمان کرد، هەموو دەسکەوتەکان بۆ خۆمانن، بەڵێن دەدەم هەوڵدەدەین راستگۆ بین، ئێمە لە پلینیۆمی کۆنگرەی چوارەمدا، لێبووردنی گشتیمان دەرکردووە بۆ ئەو خەڵکانەی رۆژێك هەڵەیان کردووە، لە بەرامبەر سازمانی خەبات، ئەو حاڵەتەمان لەخۆمان دروستکردووە، لەوانەیە تەنیا سازمانی خەبات نەبێ، ئەگەر ئێمە دڵسۆزی گەلەکەمان بین، دەبێ رێگاش بدەین لە دەسەڵاتدا بەشیان هەبێ.

*** پەیوەندیتان لەگەڵ حزبەکانی باشوور چۆنە بە شێوەیەکی گشتی؟**

–بە دڵنیاییەوە لەگەڵ هەمووان باشە.

*** لەگەڵ سەرۆکی هەرێم دیدارتان هەبووە؟**

– بە فەرمی سەردانم نەکردووە، بەڵام لەگەڵ مەکتەبی سیاسی دانیشتنمان کردووە و داواشمان کردووە دیدارمان هەبێت، بەڵام لەبۆنەکان بینوومانە و قسەمان کردووە.

*** دەکرێ بپرسین سەرچاوەی داهاتی ئێوە کوێوەیە؟**

– باوەڕ بکە سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتمان، کۆمیتەیەکمان هەیە کە لە ئەوروپا داهات کۆ دەکاتەوە و لە نێو خۆشماندا داهات لە هەندێك لە دەوڵەمەندەکان کۆدەکەینەوە.

**– ساڵی پار ئێران ئۆپەراسیۆنێکی بۆ دەوروبەر و بناری قەندیل ئەنجامدا و تۆپبارانی خەستی ناوچەیەکی بەرفرەوانی سنووری کرد، ئێستاش هێزێکی زۆری لەسەر سنوور کۆکردۆتەوە، پێتوایە نیازی رژێمی ئێران لەو هێز کۆکردنەوەیە چیە؟**

– یەکەم ئەوەیە ترسێکی لە هێزە سیاسیەکان هەیە و بەشێکیشی بۆ رێگریە لەهەر جموجول و چالاکی سەربازی، لە هەموو سنوورەکان ئەو ئامادەگیەی سوپا هەیە، لە کەنداوی فارسیش هەیەتی، نەك تەنها لە قەندیل، هەروەها بوونی هێزەکانی ئەمریکاش هۆکارێکی دیکەی هێز کۆ کردنەوەیە.

*** پێتوایە گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسی ئێستای ئێران بکەوێت، بەتایبەتی کە دەبینین گوشاری زۆر لەسەر دەسەڵات هەیە لەلایەن خەڵکەوە، هەروەها تێکچوونی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و زۆری رێژەی بەکارهێنەرانی ماددە بێهۆشکەرەکان و کچانی سەر شەقامەکان، پێتوایە گۆڕانکاری نێوخۆیی رووبدات، بەبێ هاوکاری و دەستی دەرەکی؟**

– واقعیی ئێران ئەوەیە، بە هێزی سەرمایەی ئابووری و نەوت و گاز توانیوویەتی پشت بە خۆی ببەستێت، دەزگا سەرکوتکەرەکانی وەك سوپای پاسداران و وئیتلاعاتیشی زۆر باش رێکخستووە و هەموو توانستی خستۆتە ژێر دەست و هەموو دەسەڵاتی پێداون، تا رادەی کوشتنی ئەنقەست لەسەر سنوورەکان، ئێستا رێژەی لە سێدارەدان زۆر بووە و گرتنی زیندانی سیاسی زیادی کردووە، سەرەڕای رەخنەی زۆری نێوخۆیی و نێو دەوڵەتی، بەڵام ئەوە بڕیارێکە رژێم داویەتی، کە بەو دوو شێوەیە دەسەڵات رابگرێ، لەنێو خۆ سەرکوتکردن و لە دەرەوەش ناردنی تیرۆریست و هاندانی تیرۆریزم بۆ نانەوەی ئاژاوەی ناوچەکە، 80٪ کێشەکان بۆ دەست تێوەردانی ئێران دەگەڕێتەوە، حاڵی حازر ئەوە بە دوور دەبینم، راپەرینێکی جەماوەری سەرانسەری بۆ روخاندنی دەسەڵات رووبدات.

*** باسی سەرکوتکردنت کرد، بە تایبەتی لەرۆژ هەڵاتی کوردستان، بۆچ هێزە سیاسیە کوردیەکان نەیانتوانیووە رۆڵی کارا بگێرین بۆ ئاگادارکردنەوەی دنیای دەرەوە لەو جەور و ستەمەی لە کورد دەکرێت؟**

–پێم وایە حزبەکان ئەوەی توانیوویانە کردوویانە، ئێستا میدیا و هەواڵدەر دەتوانن رۆڵی باش بگێڕن، یەك کەس لە ئێران بگیرێ هەموو دنیا دەزانێ و رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان هەڵوێست وەردەگرن.

*** ئایا ئیتلاعات دەستی لە نێو ئۆپۆزسیون هەیە، بە گشتی و سازمانی خەبات بە تایبەتی؟**

– بێگومان هەوڵی خۆی دەدات، کاتی خۆی تەشکیلاتمان هەبووە، ئیتلاعاتی ناردوویەتی بۆ ئەوەی کار لەسەر ئێمە بکات، هەر کاتێك هەستمان بەشتێکی لەو جۆرە کرد، دەیگرین و دیدەینە یاسا، ئەگەرنا دەڵێین بەخێرچی.

**دیمانە: زاری کرمانجی**